# دنیای منداڵان

١٤٦

www.kurdistanukurd.com

ـەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

د ن ی ا ی م ن د ا ڵ ا ن



# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com




ماموستا مەلا کەریمی ساردەکۆسانی

عەبدولکەریم کە بە مەلا کەریمی ساردەکۆسان ناسراوە، لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی لە گوندی سلامەتی سەر بە ناوچەی گەورکی موکریی شاری بۆکان چاوی بە دنیا هەڵێناوەو بۆتە کەسێک کە لەناو خەڵک بە ڕاوچی بەناسراوە.

هەر لە منداڵیەوە دەخرێتە بەر خوێندن و فێری زانست و عیلم دەبێ. بەرە بەرە دەگەڵ تێپەڕ بوونی تەمەن ڕوودەکاتە مزگەوت و دەبێتە فەقێ و دوای تێپەڕ بوونی دەورانی فەقێیەتی دەبێتە موستەعید.

بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەک لە چاڵە ڕەشەکانی حەمە ڕەزا شا بەند دەکرێ و دەکەوێتە نێو بەندیخانەی قەسری قەجەرو لە کۆتاییش دا لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ.

ڕاوچی، نووسەر، شاعیرێکی گەل خۆشەویست و پێشمەرگەیەکی قەڵەم و نیشتیمان بوو.

مامۆستا، کوردیزانێکی باش بووەو بە کوردییەکی پاراو شێعر و چیرۆک و دەیان بابەتی دیکەی نووسیوە.

بەداخەوە ئەو مامۆستایە لە بەرە بەیانی ڕۆژێکی بەهار دوای، تێپەڕ کردنی حەفتاو پێنج ساڵ تەمەنی پڕلە ڕەنج و مەینەتیو خزمەتی بەرچاو بە ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردانی سالی ١٣٨٠ لە گوندی دەروێشان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

**ئامادە کردنی: نێعمەت مەلا**

# دایە گیان کوردیم فێر کە

دایە دایکی شیرینم
هاورێی دڵسۆزی ژینم

چاکە خوازی ژیانمی؟
ڕاس کەرەوەی زمانمی؟

زمانی خۆتم فێر کە
مەزرای دەروونم تێر کە

چۆن بە زمانی بێگانە
لە تۆ تێبگەم گیانە

زمانی خۆم ڕاگوێزم
هی خەڵکان بپارێزم؟

زمان خۆ نابێ بەوە
هەر قسە بکەین پێکەوە

خۆشترە خۆشەویستی
بە زمانی خۆت ببیستی

زانست و ئاکاری ژین
با بە کوردی فێری بین

دایە دایکی شیرینم
هاورێی دڵسۆزی ژینم

زمانی خۆتم فێر کە
مەزرای دەروونم تێر کە

**حەسەن حەسەنپوور**

# خەونێکی خۆش و شیرین

## [ بۆ منداڵە نازشێواوەکانی شەنگال ]



نازیلە خەوتبوو. لە بزەی سەرلێوی را ویدەچوو خەونێکی زۆر خۆش ببینێ. حەزم کرد بچمە نێو خەونەکەی نازیلەوە. چووم لە پەنای نازیلە تێخزام و چاوەکانم نایە سەر یەک. بە هێمنی و لە دڵی خۆم دا گوتم نازیلە، منم، مەستوورە. رێم بدە با بێمە نێو خەونەکەت. با بزانم بۆ ئەوەندە دڵخۆش و لێو بە بزەی...

وردە وردە چاوم قورس بوو. کاتێک دیتم نازیلە دەستی گرتووم و لە شارێکی سەیر و سەمەرەین. شارەکە چووک بوو. چڵکن بوو. خانووەکان زۆربەیان ڕووخاو و ناشیرین بوون. گشتیان چووک و بە قوڕ و بەرد دروست کرابوون. بەڵام لە ئاسمانەوە بووکەڵەو شتی جوان جوان دەباری. ئەوەندە شیرینی بارییوو نەبێتەوە. منداڵەکانی ئەو شارە هەموو نوستبوون، بەڵام هەر هەموویان پێدەکەنین و دڵخۆش بوون. دەستی هەموویان پڕ بوو لە بووکەڵەو شیرینی.

بە نازیلەم گوت ئێرە کوێیە؟ خەڵکی ئێرە بۆ هەژارن و منداڵەکانیان بۆ وا بێبەشن؟ نازیلە گوتی مەستوورە گیان: ئێرە شاری ئاوارەکانە. ئەوانە لە نیشتمانی خۆیان ڕاو نراون، بەڵام هەموویان ئەوینداری ژیان و ئازادین. منداڵەکانی ئێرە زۆر گوناحن. ئەمن هەموو شەوێ کە منداڵانی ئێرە دەنوون، دێمە نێو ئەو شارەو داوا لە فریشتەی مێهرەبان دەکەم بووکەڵەو شیرینی و شتی جوان بەسەر دنیای خەونی منداڵانی ئێرەدا ببارێنێ. چاو لێکە چەندە خۆشحاڵ و لێو بە بزەن!

من و نازیلە دەستی یەکترمان گرتبوو و بە نێو شەقام و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەم شارەدا هەڵدەفرین و لەبەر پەنجەرەی هەر ماڵێک و لە بەرامبەر روخساری لێو بە بزەی هەر منالێک ئێستێک رادەوەستاین و ئینجا دەچووینە بەر پەنجەرەی ماڵێکی دیکەو بەردەمی منداڵێکی دیکە....

# سودە کانی تەماتە

*- سوودەکانی:

١-ئارەزووی خواردن دەکاتەوە گەر پێش خواردن بخورێ

٢-دەمارەکان و مێشک بە هێز دەکات

٣-گازەکانی ناو سک ناهێڵێ،

٤-شەکری زیادەو چەوریی لەش کەم دەکاتەوە،

٥-بۆ مایەسیری بە سوودە،

٦- بۆ کەسێک نەخۆشی گەدەی هەبێت باش وایە دوای خواردن بیخوات

٧-دەوڵە مەندە بە ڤیتامینەکانی . سی. بی . ئەی. جی

٨-بە سوودە بۆ گورچیلەو میزەڵدان

*- بۆ کێ باش نیە ؟

بۆ ئەوانەی کە نەخۆشیی ئەعسابیان هەیە

*- چۆن بە کار بهێنرێت ؟

١- بە زەڵاتەیی بەسوودترە

٢- بە شلەو شۆربا،

٣- تێکەڵی بکە لە گەڵ ماستاو، دوایی نیو کاتژمێر بیخۆ



سڵاو منداڵەکان

ئەمجارە دەچین باسی هەندێک فەرمان بکەین کە ڕۆژانە و لە گفتوگۆدا بە کاریان دێنین. بۆ وێنە:

What can you do?

تۆ چی دەتوانی بکەی؟



I can sing

من دەتوانم گۆرانی بڵێم



I can read

من دەتوانم بخوێنمەوە



I can write

من دەتوانم بنووسم



I can dance

من دەتوانم هەڵپەڕم



I can swim

من دەتوانم مەلە بکەم



I can’t swim

من ناتوانم مەلە بکەم



I can fly

من دەتوانم هەڵفڕم



I can’t fly

من ناتوانم هەڵفڕم

کاوە ئاهەنگەری

# دار



دارم داری سەر بەرزم
پشوو و هەناسەی عەرزم
نەمام بم یان درەخت بم
هەمیشە باڵا بەرزم
مناڵانی کوردستان
زۆرتان پێ خۆشە سەیران
لە کێو و دەشت و باخان
دەملاوێنی خەندەتان

***

باخی سەوزی گەشاوە
کە تۆی تێدا حەساوە
پڕ لە دار و گیایە
بە سەد شێوە نەخشاوە
ئەگەر داری تیا نەبێ
باخی گەشاوە دەمرێ
ئێوە دار نەپارێزن
دەستی ژیان دەبەسرێ

حەسەن حەسەنپوور

# کەرێکی دەنگخۆش



کەرێک دەنگی خۆی پێ خۆش نەبوو، بە تایبەتیش کاتێ دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی ئاژەڵەکانو باڵندەکانیتردابەراورد دەکرد.

ئێوارەیەکی هاوین، گوێی لە دەنگی کۆمەڵێک سیسرکە بوو کە بە یەکەوە گۆرانییان دەگوت. کەرەکە لە دەنگخۆشیی سیسرکەکان سەری گەلێک سووڕ ما. کەرەکە خۆی پێ رانەگیراو لە یەکێک لە سیسرکە بچووکەکانی پرسی:

- ئەرێ ئێوە چی دەخۆن کە دەنگتان وا خۆشو زوڵاڵە؟

سیسرکەیەکیان وەڵامی دایەوەو گوتی:

- ئێمە خواردنمان نیەو تەنیا ئاوی پیس دەخۆینەوە!

ئیتر لەو کاتەوە کەرەکە بۆ ئەوەی دەنگی خۆش بێت، دەستی لە خواردن هەڵگرتو تەنیا ئاوی پیسی دەخواردەوە، تا لە ئەنجامدا لە برسان تۆپی.

ئەمەیە چارەنووسی هەندێک کەس، کە بۆ گەیشتن بە هەندێک پلە و پایە، ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیو ئازاری بێ واتا، کە لە ئەنجامدا زیان بە ژیانی خۆیاندەگەیەنن.

**ئەمیری حاجی داود**

# داهێنەری یەکەم ئۆتۆمبێل کێ بوو؟

ئۆتۆمبێل کەرەسەیەکی زۆر بە بایەخە بۆ مرۆڤ.

ئەم کەرەستەیە لە گەڵ ئەوەی کاتێکی یەکجار زۆر بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە، ئەوەندەشمان خزمەت پێ دەکا کە بۆ باسکردن نابێ. بەڵام ئاخۆ ئێوە دەزانن کە داهێنەری ئۆتۆمبێل کێ بوو؟

فەڕانسەیییەکان یەکەم ئۆتۆمبێلیان دروست کرد. داهێنەرەکەشی کەسێک بوو بە ناوی «نیکۆلا ژۆزێف کینۆ».

ئۆتۆمبێلەکە جۆرە داشقەیەکی دار بوو کە سێ تەگەری هەبوو و بە مۆتۆڕی هەڵم کاری دەکرد. ئەو ئۆتۆمبێلە چوار کیلۆمەتری بە یەک سەعات دەبڕی و خێرایییەکەی زۆر کەم بوو.

نیکۆلا ساڵی ١٨٠٤ یانی نزیک ٢٠٠ ساڵ لەوە پێش کۆچی دوایی کرد.





# ڕێوی و کلکی

ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێوییەک لە دارستان دەژیا زۆر بێتاقەت بوو، بە هاوڕێکانی گوت دەچم بۆ گەڕان. هاوڕێکانی گوتیان بۆ کوێ دەچی وەرە پێکەوە کایە بکەین. ریوی گوتی نەخێر بە تەنیا دەچم بۆ گەران.

ڕێوی ڕۆیشتو ڕۆیشت تا گەیشتە باغە ترێیەک، زۆری ئیشتیا بۆ ترێ چوو. دەوری باغەکە دیواری لێدرابوو ئەویش کەمێکی چاو گێڕاو دیتی خشتێک شکاوەو کون بووە، ڕێوی ویستی لەو کونەڕا بچێتە نێو باغەکە کلکی گیری کردو لێبۆوە.





کلکی هەڵگرتەوەو ڕۆیشت بۆ لای پینەچی.

پینەچی لێی‌پرسی: ئەوە چی بووە؟

ڕێوی: کلکم پساوە بۆم بدوورەوە.

پینەچی: بڕۆ گلۆڵەیەکم بەن بۆ بێنە با بۆت بدروومەوە.

ڕێوی ڕۆیشت بۆی لای بەن‌فرۆش‌و گوتی کلکم پساوە گلۆڵەیەکم بەن پێ‌بدە با پینەچی کلکم بۆ بدووریتەوە.

بەن‌فرۆش: بڕۆ خوریم بۆ بێنە تا بەنت پێ‌بدەم.

ڕێوی ڕۆیشت بۆلای خوری‌فرۆش‌و گوتی برێکم خوری پێ‌بدە، ئەویش گوتی: برسیمە تۆش بڕۆ هێلکەم بۆ بێنە با بیخۆم.

ڕێوی زۆر هیلاک بوو، ڕۆیشت بۆ لای مریشکو گوتی هێلکەم پی بدە با بیبەم بۆ خوری فرۆش‌و خوریم پێ‌بدا، بیبەم بۆ لای بەن‌فرۆش بەنم پێ‌بدا، بیبەم بۆلای پینەچی‌و کلکم بۆ بدووریتەوە.

مریشک گوتی برسیمە بڕۆ گەنمم بۆ بێنە بیخۆم و هێلکەت بۆ بکەم.

ڕێوی بێچارە ڕۆیشت گەنمی بۆ مریشک هێناو بەو جۆرە دیسان چووە لای هەموویان تا کلکی چاک کردەوە.

بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکان! ڕێوی لەسەر نەوس ئاوای لێ‌بەسەر هات.

وەرگێران: مینا

کوڕێک لە بازاڕ ون دەبێ،
دەچێتە لای پۆلیسو دەڵێ
ئەتۆ دایکێکت نەدیتوە
منداڵەکەی لێ ون بووبێ!

مامۆستای مێژوو بە
قوتابییەکەی دەڵێ ئەوە بۆ وا
پیسی؟ چەند مانگە حەمامت
نەکردوە؟

قوتابی دەڵێ: لەوەتا تۆ
گوتوتە ئەمیرکەبیریان لە
کاتی حەمام کردندا کوشتوە

کوڕەکە کارتی قوتابخانە
وەردەگرێتەوە، لە چەند وانە
کەوتوە بە باوکی گوت: باوکە
دەتوانی لە تاریکی‌دا شت
بنووسی،
باوک: بەڵێ چیت بۆ بنووسم؟
کوڕ: ناوی خۆت لە خوارەوەی
ئەو کارتە بنووسە!

دیاریی نارین کەنکاش

# کیژی شقارتەفرۆش

هەوا زۆر سارد بوو، بەفر دەباری و دوایین شەوی ساڵ بوو.

کچێکی هەژارو کەم تەمەن لەو سەرمایەدا دەهاتو دەچوو. کەوشە سەرکراوەکانی زۆر گەورە بوونو بۆیە هەر کە ویستی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، لینگێکی کەوشەکەی لە لاقی هاتنە دەرێو دوایەش چەندی گەڕا بۆی نەبیندرایەوە.







لاقەکانی لە سەرمان تەزیبوونو وەژان کەوتبوون. ئەو، بڕێک شقارتەی پێبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە کەس لێی نەکڕیبوو.

شەوی جێژن بوو، بۆنی چێشتی خۆش لە هەموو ماڵێکو لە هەموو شوێنێک دەهات. نەیدەوێرا بچێتەوە ماڵێ، دەترسا باوکی لێی بدا، چونکی ئەو ڕۆژە تاقە شقارتەیەکیشی نەفرۆشتبوو.

دەستەکانی کیژی شقارتەفرۆش تەزیبوو، لەوانە بوو گڕی ئاور بتوانێ گەرمیان بکاتەوە. هەر بۆیە شقارتەیەکی هەڵگرتو دایگیرساند. کیژە چکۆلەکە هەستی کرد لە ژوورێکی خۆش دانیشتوەو لاقی لە نیزیک شۆمینەکە درێژ کردوە گەرم بێتەوە، بەڵام ئاورەکە کوژاوەو کچەکە دیتی قونچکە سووتاوی شقارتەیەکی بەدەستەوەیە.

ئەو شقارتەیەکی دیکەی داگیرساند و دیتی لە ژوورێکو لە پشت مێزێکی پڕ لە خواردنی خۆش و بە لەززەتە، دەستی بۆ خواردنەکان درێژ کرد، بەڵام شقارتەکە کوژاوە. کچەکە سێهەمین شقارتەی داگیرساند و بینی لە بن داری کریسمەس دانیشتوە، ویستی دەستی پێوە بگرێ، بەڵام شقارتەکە کوژاوە.







ئەستێرەیەکی ئاسمان ڕاخوشی. کچەکە وەبیر دایە گەورەی کەوتەوە. دایە گەورەی هەمیشە دەیگوت ئەگەر ئەستێرەیەک لە ئاسمان ڕاخوشی، ئەوا حەتمەن ڕووحێک دەچێتەوە لای خودا. دایە گەورەی تەنیا کەسێک بوو کە ئەوی خۆش دەویست، بەڵام ئەو چەند ساڵێک بوو کە مردبوو.

کیژی شقارتەفرۆش شقارتەیەکی دیکەی داگیرساند. لە ڕووناکیی گڕی شقارتەکەدا دایەگەورەی بینی. گوتی دایە گەورە ئەمنیش لەگەڵ خۆت ببە. ئەو بەپەلە هەموو شقارتەکانی یەک لە دوای یەک داگیرساند، چونکی دەیزانی ئەگەر ئاورەکە بکوژێتەوە دایەگەورەی دەڕوا، هەروەها چاوی بە ژوورە گەورەکەو مێزە پڕ لە خواردنەکەش ناکەوێتەوە.

دایە گەورە کچە چکۆلەکەی لە باوەش گرتو پێکەوە چوونە ئاسمان، چوونە شوێنێک کە ئیدی لەوێ سەرمایان نەبوو...

بۆ سبەی خەڵکی گەڕەک چاویان بە تەرمی کچی شقارتەفرۆش کەوت کە بەستبووی‌و دەوروبەری پڕبوون لە شقارتەی سووتاو. هەموو پێیان وابوو ئەو ویستوویەتی خۆی گەرم بکاتەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی کە ئەو چی دیوەو لە شەوی جێژندا چۆتە لای دایەگەورەی تا هەمیشە لای ئەو بمێنێتەوە...

**وەرگێڕان لە فارسییەوە باوکی نیان**

# منداڵانی شەنگال لە بیر ناکەین!


















# کاردەستی



# کتێبخانەو خاوەنداری بچکۆلە

رۆژێک لە رۆژان کەروێشکێکی بچووک بەناوی نوقڵە هەبوو کە زۆری حەز خوێندنەوەی کتێب بوو. نوقڵە هەموو رۆژێ چەند کتێبی دەخوێندەوەو زۆر شتیان لێ‌فێر دەبوو.

دایکو باوکی نوقڵە هەر کاتێک چووبانە بازاڕ، کتێبی نوێیان بۆ دەکڕی، هەر بۆیە لە رۆژی لەدایکبوونیشی‌دا، هاورێکانی کتێبیان بە دیاری بۆ هێنابوو.

نوقڵە هەموو ئەو کتێبانەی بە ئیشتیا دەخوێندەوەو لە کتێبخانە بچووکەکەی بە رێکو پێکی دای‌دەنان.

رۆژێکیان دیتی کە کتێبەکانی ئەوەندە زۆر بوون ئیدی لەو کتێبخانەیەدا جێیان نابێتەوە، هەربۆیە بیری لە دانانی قەفەزەیەکی دیکە دەکردەوە کە خاتوو ئاسک هات بۆ سەردانی.

خاتوو ئاسک مامۆستای دارستان بوو، کە دیتی نوقڵە ئەو کتێبخانە گەورەیەی هەیە گوتی: بژی نوقڵە گیان! ئەمن زۆر خۆشحاڵم تۆ ئاوا گرینگی دەدەی بە کتێب‌خوێندنەوە. زۆر حەز دەکەم هاورێکانیشت وەک تۆ حەزیان لە خوێندنەوە بێ بەڵام بەداخەوە لەنێو دارستان کتێبخانەی گشتیمان نییە. ئەمن دەمهەوێ کتێبخانەیەک دروست بکەمو کتێبی باشو بە سوود بۆ منداڵەکان دابین بکەمو ئەوانیش وەک تۆ ئۆگری خوێندنەوە بن.

چاوێکی لە کتێبخانەکەی نوقڵە کردو گوتی تۆش کتێبت زۆرە، ئەرێ ئەگەر ئەو کتێبانە دەخوێنییەوە دواتر چیان لێ‌دەکەی؟

نوقڵە گوتی: دوای خوێندنەوە دەیانخەمە کتێبخانەکەم تا نەدرێنو پیس نەبن.

خاتوو ئاسک گوتی: ئەدی نایان‌دەی بە هاورێکانت بیخوێننەوە؟

نوقڵە گوتی: تا ئێستا کەس نەهاتوە داوای کتێب بکا.



خاتوو ئاسک گوتی: نوقڵە گیان ئەمن لە قوتابخانە کتێبخانەیەک دروست دەکەمو داوا لەو منداڵانە دەکەم کە کتێبیان هەیەو خوێندوویانەتەوە بیهێنن بۆ کتێبخانەکە تا منداڵانی دیکەش بتوانن کەڵکی لێوەرگرنو شتی تازە فێر بن

نوقڵە گوتی ماموستا ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە، ئەمن بە خۆشحاڵییەوە هاوکاریت دەکەم تا بتوانین کتێبخانەیەکی گەورەو باشمان هەبێ

ماموستاو نوقڵە بەرەو قوتابخانە وەڕێ کەوتنو هەموو گیانەوەرەکانی دیکەیان ئاگادار کردەوە کە پێویستیان بە کتێب هەیەو بەو جۆرە هەموو ئەو گیانەوەرانەی کتێبی زیادییان لە ماڵێ هەبوو وەک دیاری پێشکەشی کتێبخانەکەی قوتابخانەیان کردو قەفەزەکە پڕ بوو لە کتێب.

نوقڵەش کۆمەڵێک کتێبی قەدیمی هەبوو، وەک دیاری پێشکەشی کتێبخانەکەی کرد.

لەو رۆژە بە دواوە هەموو گیانلەبەرانی نێو دارستان سەردانی کتێبخانەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی شتی تازە فێر بن.

نوقڵە بوو بە خاوەنی کتێبخانەی ناو دارستانو هەموویان زۆریان خۆشدەویست.

ئامادەکردنی: دایکی نارین

# نوێترین کتێبی چیرۆک بۆ منداڵان

چیرۆکەکانی شێل سیلڤەرستەین ، ئەوە کتێبە خاتوو تروسکە سادقی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی و ئیستا لە کتێبخانەکانی باشووری کوردستان دەست دەکەوێ.

دەسخۆشی لە خاتوو تروسکە دەکەین و هیواداریین منداڵان چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بخوێننەوە.




چاوەڕێ شەریفیان


ئاشتی شۆڕش


ئاشنا شۆڕش


ڤیان پیرۆتی


مارتیا سوڵتانی


کچی کورد


سارا ڕەنگینەکەمان


ژانیا شەهابیڕاد


چێلینا سەلاح

